## بەیاننامەی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی ئەکادیمی کوردستان

# سەبارەت بەخۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان

لەسەرەتای مانگی ئابی 2006 دا زنجیرەیەك خۆپیشاندان لەسنوری هەرێمی کوردستاندا دەستییپێکردو بووە مایەی دەربڕینی ناڕەزایی، بەڵام بەداخەوە ئەم خۆپیشاندانانە ژمارەیەك کاری توندوتیژیو تێکدەرانەی وەك کوژرانو برینداربوونو گرتنی لێکەوتەوەو لەناویاندا ژمارەیەك رۆژنامەنوس زیانیان پێگەیشت.

ئێمە لەکاتێکدا هەڵوێستمان بۆ رۆژنامەنوسانی کوردستان بەگشتی روونڕەکەینەوەو رایدەگەیەنین کەپێویستە رۆژنامەنووسان هۆشیارو ئاگاداربن لەهەر رووداوو گۆڕانکارییەك کەلەناوچەکەدا روبدات، کەئەمەش ئەرکی سەرەکیو پێویستی سەرشانی رۆژنامەنوسانە. بەتایبەتی لەکوردستاندا کەهێشتا بزوتنەوەی رۆژنامەنووسی پێویستی بەزیاتر گەشەکردنو کامڵبوون هەیە، هەربۆیە دەبێ رۆژنامەنوسان لەکۆبوونەوەو خۆپیشاندانو مانگرتنەکاندا بەراستی ئاوێنەی رووداوەکان بن، وە بتوانن راستییەکان وەك خۆیان بگوێزنەوە..بۆیە لەم دەروازەیەدا ئەوە رادەگەیەنین کە:

*پشتگیریی خۆمان دوپاتدەکەینەوە بۆ کاری رۆژنامەوانیی راستو دروست.

*گرتنی رۆژنامەنووسان بەبیانووی گەیاندنی هەواڵو وێنەگرتنو کاری رۆژنامەوانی ئیدانەدەکەین.

*دەستگرتن بەسەر کەلوپەلەکانی لە(کامێراو ریکۆردەر) کە زانیاریی لەخۆیان دەگرن، کارێکی نەشیاوو نامۆیە بەژیانی شارستانی.

*هەروەك پێویستە پارلەمانی کوردستان پەلەبکات لەیاسای رۆژنامەوانی کەهەوێنی دانانی دەستوری کاری رۆژنامەنووسییە لەکوردستاندا.

لەلایەکی ترەوە ئێمە وەك کۆمەڵەکەمانو لەو روانگەیەوە کەپرەنسیپەکانی ئیتیکی رۆژنامەنوسیی سەلماندویەتی کەرۆژنامەوان پێویستە بێلایەن بیّو لێکدانەوەو نوسینەوەو سەرنجەکانیشی بابەتیانەو واقیعی بن، لەهەلومەرجی وەهاشدا کەخۆپیشاندان دەکرێ پێویستە رۆژنامەنوس زیاتر ئیلتیزامبکات بەو بێلایەنییەوە، چونکە:

*کاتێ رۆژنامەنوس پیشەکەی دەکاتە ریکلامو بانگەشەو هاندان ئەوا جێی خۆیەتی وەك هاووڵاتییەکی بەشداربوو لەخۆپیشاندانەکە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

*کاتێ رۆژنامەنوس بووە لایەن لەنێوان دەزگاکانی حکومەتو خۆپیشاندەراندا، ئیتر ئەو چوارچێوەیە لەدەستدەداتو پێویستە وەك هاووڵاتیی ئاسایی مامەڵەی بکرێ.

*رۆژنامەنوس کاری گەیاندنی پەیامێکی مرۆڤانەیەو هەرگیز ئەو نابێتە بەشێك لەتوندوتیژی.

لەکۆتاییدا جارێکی تر ئەو راستییە بەبیر هەموو لایەك دێنینەوە کە رۆژنامەنوسانی کوردستان گەر بتوانین یەکگرتوو بینو لەچوارچێوەی دەستورێکی شارستانیی کراوەدا کاربکەین، ئەوا بێشك رەورەوەی کۆمەڵگاو دەسەڵاتیش بەو هەواڵو بابەتە واقعییانە لەخاوبوونەوە دەکەویو دەکەوێتەوە گەڕو رۆژنامەنوسان دەتوانن سەرەتای چارەسەری کێشە هەنووکەییەکانی کوردستان لەم قۆناغەشدا پێشڕەویی بکەن.

**کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی ئەکادیمی کوردستان**

**سلێمانی** 16-8-2006